Je Energiebespaarder
www.cnme.nl/energiebespaarder
06-17764392
26 februari 2024



## ئامۆژگاریکردن وبەرهەمی خۆڕایی لەلایەن پاشەکەوتکەری وزە

بۆ هەموو کەسێك لەشاری ( ماستریخت ) کەداهاتیان کەمە ، یان ئەوانەی کە کێشەی پێدانی پارەی وزەیان هەیە و بۆیان گرانە. ئەوا پاشەکەوتکەری وزە کە تایبەتە بەبابەتی وزە، دەتوانێ هاوکاری ویارمەتیدەری ئەم کەسانە بێت.

پاشەکەوتکەری وزە کەسانێکن ئامۆژگاری وڕێنمایی بەسود و زیرەکانەت پێشکەش دەکەن سەبارەت بەوەی کە بتوانیت بەڕادەیەك لەماڵەکەی خۆتدا تێچوی بەکارهێنانی وزە کەم بکەیتەوە. پاش دیاریکردنی کاتی دیدەنی، پاشەکەوتکەری وزە دێتە ماڵەوە بۆ ئامۆژگاریکردن وڕێنماییکردن بۆ کەم کردنەوەی تێچوی وزەی ماڵەکەت. جگە لەمەش بەرهەمی خۆڕایی و بێ بەرامبەر بەپێی پێویستی ماڵەکەت بەکاردێنێ و جێگیری دەکات. ئەم بەرهەمانەش یارمەتی دەر دەبن بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەو تێچووەکەی.

بەم جۆرە دەتوانیت ڕاستەوخۆ دەست بکەیت بەکەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەو لێیەوەش کەم کردنەوەی تێچووەکەی. هەموو ئەم هاوکاریانەش بەتەواوی بۆت بەخۆڕاییەو بێ بەرامبەرە.

## دیاریکردنی کاتی دیدەنی لەگەڵ پاشەکەوتکەری وزەدا

ئەگەر ئارەزوی ئەوەت هەیە کاتی دیدەنی لەگەڵ پاشەکەوتکەری وزە دیاری بکەیت؟ ئەوا لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی دەتوانی فۆرمی زانیاری پڕ بکەیتەوە، پاشان پەیوەندیت پێوە دەکەین. یانیش پەیوەندی بکە بەژمارەی تەلەفۆنی ( ٠٦١٧٧٦٤٣٩٢ ). هەندێ جار ڕەنگە وەڵامی پەیوەندیەکەت نەدرێتەوە، چونکە سەرقاڵی سەردانی ماڵان دەبین لەگەڕەکەکاندا. بۆیە لەم حاڵەدا دەتوانی ناوی خۆت وژمارەی تەلەفۆنت بەجێ بێڵی ، پاشان پەیوەندیت پێوەدەکەینەوە.

پاشەکەوتکەری وزە خۆشحاڵە کە هاوکاریتان دەکات و وەڵامی پرسیارەکانتان دەداتەوە لەماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکەدا کە دەتوانی لەکات وساتی خۆیدا پەیدای بکەیت..پاشەکەوتکەری وزە دەیەوێت بەباشترین شێوە کار لەسەر چوێنێتی کەمکردنەوەی وزە بکات. ئەویش بەگوێرەی جۆری خانووەکەت جۆری ئەو بەرهەمانەی کەیارمەتیدەری کەمکردنەوەی وزەن.لەم بارەیەشەوە شارەزایی باشمان هەیە لە گۆڕینی گڵۆپەکان و سەرە دوش و بەکارهێنانی بەرهەمی چەسپی درزی دەرگا. وهاوشێوەکانی ئەم بەرهەمانە. هەموو ئەم کارانەش بەخۆڕایی وبێ بەرامبەرە هیچی بۆ تۆ تێناچێ.